# بەرەو کوێیان دەبەن؟؟ بۆچی کوڕی ئەو خەڵکە مەڕ و بزنن؟!!

هیوا ناسیح

بە پێی گۆنگرە ڕۆژنامەییەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەندێک لە هەواڵەکانیش وا دەگەیەنن، کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بەغدا ڕازی بووە، لە سەر ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە بۆ هەندێک ئامانج و ئۆپەراسیۆنی دیاریکراو دژ بە گێرەشێوێن و تیرۆرستەکان بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق بنێردرێت. ئەم هەنگاوە چەند ساڵێکە قسەی لێ دەکرێت و تا ئێستە سەرکردایەتی لایەنی کوردی ڕازی نەدەبوو، بەڵام پێدەچێت بڕیاری ئەم جارەی سەرکردایەتی کوردی پاداشتی ئەو ڕێکەوتنانەیان بێت لەگەل حکومەتی عێرقیدا.



پێشمەرگە، کە بە داخەوە ئەمڕۆ بە هۆی گەندەڵی و گیرفان پڕکردنی لێپرسراوان ناوەکەی وەک جاران بە پیرۆزی نەماوە، مەچەکی پۆڵایین و گورزی دەستی شۆڕشی کوردە و بووە، بە شێوەیەک ناوی پێشمەرگە تێکەڵ بە خەبات و شۆڕش بووە، کە لای زۆربەی جەماوەری کوردستان وا دەزانرێ شۆڕش واتە پێشمەرگە و خەبات کردنیش واتە پێشمەرگایەتی! هۆیەکەشی ڕونە، چونکە بەبێ بوونی هێزی پێشمەرگە ئەستەم بووە کورد بتوانێت لەو بارودۆخە هەڵکەوتوەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و لە نێو ئەو هەموو دوژمنە بێ بەزەیی و دڕندانەدا شۆڕش و خەبات بکات، ڕۆژانێک بوو گەر تەنها لە سەر دیواری کۆڵان و گەرەکێک بنوسرایە (پێشمەرگە)، پیاوانی ڕژێمی بەعس لەو دەوروبەرە ئەژنۆیان لە ترسا دەلەرزی و خەو نەدەچووە چاویان! کورد تەنها بە پێشمەرگە و چەکی دەستیانەوە بووە، کە توانیویەتی بەرگری لە خۆی بکات و شوناسی خۆی بپارێزێت و بمێنێت.

هەڵبەت پێشمەرگە ڕۆڵە و جگەری ئەو گەل و میللەتەیە، براو باوک ئامۆزا و کەسی هاووڵاتیانی سەر ئەو خاکەیە، نەوەی ئەو جوگرافیا و ئاو و ژینگەیەیە، پەروەردەی ئەو کولتورەیە، قەترەیەک لە خوێنی ئەوان بە غەیری خاکی کوردستان هیچ شتێکی تر پاساوی نادات، کە بۆی بڕژێنرێت، کەس مافی ئەوەی نییە منالی چاوگەشی کورد بێ باوک و ژنانی ڕووسوری کورد بێوەژن و دایکان و باوکانی گەلەکەمان جەرگ سوتاو و ڕەشپۆش بکات، لە پێناو ئەو عێراقەی کە وا پێ دەچێت تەمەنی درێژی ساڵێکی تر بێت، چۆن و بۆچی وا دڵفراوانانە گیانی ئەو لاوانە دەبەخشن و کسپە لە دەرون و هەناوی خێزان و ناو ماڵی کورد هەڵدەستێنن !!.

ئاشكرايە ئێستا ناوەڕاست و باشوری عێراق بووە بە گۆمی خوێن و تەنانەت لە بەغدای پایتەختیشا، ناوچەی سەوزی لێ دەربچێت، تەنها تا نیوەڕۆ حكومەت هەیە. ئیتر سەر شەقام و كۆڵان و گۆڕەپانە گشتییەكان دەبێتە مەیدانی ڕفاندن و كوشتن و ئەتككردن و سەربڕین، ئەو جانەوەرانە خەڵكی بێ تاوان تەنها لە سەر ناوەكەی دەكوژن، كرێكار لە سەر كار و لە مەیدانی دەستكەوتنی كاردا پارچەپارچە دەكەن، مرۆڤ لە سەر شێوەی جلپۆشین و قژبڕین لە خوێندا دەگەوزێنن، لەشی ناسكی منداڵ لە سەر



بێشكە و بە ئامێزی دایكیەوە بە گوللەی گەرم سارد دەكەنەوە! كەی ڕەوایە،كوڕی كورد كە پێشمەرگەیە و بۆ كوردستان چەك بە دەستە، ببەن بەرەو ئەوێ و شەڕیان پێ بكەن و لە پێناو هیچدا بە كوشتیان بدەن و لاشەكانیان بە سەربڕاوی و ئەتككراوی لە ئالآی عێراق بپێچن و بۆ منداڵ و خێزان و كەسوكاری نەگبەتیان بنێرنەوە!!

ئەرێ مامە و كاكە كێ مافی ئەوەی دانێ، كە ئاوا وەک مەڕ و بزن مامەڵە بە ڕۆڵەی ئەم میللەتەوە بكەن؟! چما ئێوە ئامادەن كوڕەكانی خۆتان، بە هەمان بەهانەی بۆ ناردنی كوڕی خەڵک هەتانە، بۆ ئەو ناوچە دۆزەخیانە بنێرن ؟؟ ئەگەر ئەم بڕیارەی داوتانە نرخی چەسپاندنی 17% ی داهاتی ساڵانەی عێراقە بۆ هەرێمی كوردستان و پاداشتی حكومەتی مالیكی ئاوها دەدەنەوە، ئەوا سوپاستان ناكەین بەم جۆرە بازرگانی بە خوێنی تاكەكانی ئەم گەلەوە بكەن. ئەرێ ئێوە پێتان وایە، گەر یارمەتی (برا عەرەبە چاوڕەشەكانمان) دا لە گێڕانەوەی هێمنی و ئاسایش بۆ ئەوناوچانە، كە ئەمە شتێكی نزیكە مەحاڵە، ئیتر ئەوان پاشان ئەم كارە چاكە و دڵفراوانییەی ئێوەیان لە بیر دەبێت و لە پاداشتیدا سوک و باریک پێمان دەڵێن (( تاكو حەمرین بۆ خۆتان!)) ؟!
ناردنی پێشمەرگە بۆ پشتگیری خەباتی پارچەكانی تر ڕەوایە، بۆ كەركوک و خانەقین و خورماتوو ڕەوایە، بۆ پارستنی هەرێمی كوردستان و ئاسایشی خەڵكی كوردستان لە تیرۆرستان و سەرسنوری

هەرێم ڕەوایە، بەڵام زۆر ناڕەوا و نابەجێیە و خیانەتە، کە بۆ هیت و سامەڕا و فەلوجە و باقوبە و زۆنگاوەکانی باشور بنێردرێت.

بەڕێزان پێشمەرگە پێش ئەوەی چەکدار و کادر و ئەندامی حزبەکانی ئێوە بن، ڕۆڵەی ئەم گەلە و کوڕی خەڵکی کوردستانن، گیانفیدای ئەم خاکەن نەک گیانفیدای ئامانج و بەرژەوەندیە کەسی و حزبیەکانتان!
بۆ کێ بەکوشتیان دەدەن؟ دەیاننێرن بۆ ئەوەی تیرۆرستان سەری ئەو برا و کەسانەمان بۆ ببڕن؟ ئاخر خۆ ئەوان هێشتا سەری هەرێمەکەی ئێمە کە (کەرکوک)ە نەداوەتەوە! تا ئێمە ئەو چاکەیەیان لەگەڵدا بکەین، کەللەسەری هەر یەکێک لەو لاوانەی کوردستان بە هەموو سامانی جیهان قەرەبوو ناکرێتەوە، سبەی چی بە منداڵ و کەس و کاریان دەڵێن، چی بە نەوەی داهاتومان دەڵێن.
دەک ڕووی ئەوە ڕەش بێت گفتوگۆی ئەوە دەکات، پێشمەرگەی کورد بۆ ناوەڕاست و باشور بنێرێت، ئەو دەستە بشکێت، کە واژۆی ئەم ڕێکەوتنە قێزەونەی پێ دەکەن.
ئەرێ پێم ناڵێن ئێوە بۆ هەڵەکەی شێخ مەحمودی نەمر ساڵی 1918 دووبارە دەکەنەوە؟ دڵنیابن چۆن خوێنی ڕژاوی لاوانی ئەوکات لە دەشتی (شوعەیبە)دا بە فیڕۆ چوو، ئاوا گیان و خوێنی ئەم پێشمەرگانەش کە پارێزگاری لەو ناوچانە بکەن، بە فیڕۆ دەچێت. بە ڕاست ئێوە کەی لە مێژوو فێردەبن و دەرس وەردەگرن ؟!

ڤینتەرتوور٢٢ /٢٠٠٦/١٢
hiwanaseh@hotmail.com